# له هۆڵەندە یادێکی پڕ شکۆ لە کارەساتی هەڵەبجە کرایەوە

ڕۆژی یەك شەممە بەرواری 19-3-2006 کاتژمێر 2 ی پاش نیوەڕۆ لە شاری ئەمستردام گۆڕەپانی دام بە بەشداری زیاتر لە 400 هاوولاتی یادی کارەساتی هەڵەبجە کرایەوە .

سەرەتا بەرنامەی یادەکە خوێنرایەوەو بەخێرهاتنی میوانەکان کرا بە هەردوو زمانی کوردی و هۆڵەندی .

پاشان بەرنامەکە بەپانۆرامای هەڵەبجە درێژەی پێدرا , بەشێك لە ئامادەبووان بوونە بەشێك لە پانۆرامای بۆردومانکردنی هەڵەبجە .

پاشان هونەرمەند کاوە کەرکووکی چەند سروود و پارچە مۆسیقایەکیان پێشکەشکرد , بە وتاری کۆمیتەی ئامادە کار بە هۆڵەندی و کوردی درێژەی پێدرا , دانا هەڵەبجەیی وتاری خەڵکی هەڵەبجەی پێشکەش کرد , هەردوو پەرلەمانتاری هۆڵەندی کریستا لە پارتی سۆسیالست و فەرەح کەریمی لە چەپی سەوز پەیامی پارتەکانیان خوێندەوە , پارتی کاریش پەیامی خۆیان گەیاند بە مەراسیمەکە .

هەر یەکە لە خەڵکی سەردەشت , قەلادزە پەیامی هاوسۆزی شارەکانیان بۆ قوربانیانی هەڵەبجە خوێندەوە . تیپی بێلان و دانیا هەڵەبجەیی و کامەران کوردۆ بە سرود و لاواندنەوەکانیان یادەکەیان ڕازاندەوە . بە دوایدا پەیامی حیزبی شیوعی عێراقی و پێشمەرگە دێرینەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان و یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی ئافرەتانی کوردستان خوێنرایەوە .

لە نێوان کۆپلەکانی بەرنامەکاندا سازان و شیرین و بابان و ئاکۆ هەر یەکەیان چەند پارچە شیعرێکی بە سۆزییان خوێندەوە .

لە بەشی کۆتاییدا باخان و تیپی بەدیل بە چەند سرود و پارچە مۆسیقایەك بەشداریان کرد و بە سرودی ئەی ڕەقیب کۆتایی بە مەراسیمەکە هات .

پشکۆ گورجیش بە چەند تابلۆیەك بەشداری مەراسیمەکەی کرد , کۆمیتەی ئامادە کار زیاتر لە 800 تراکتی بەسەر ئامادە بووانی بیانی بە هەردوو زمانی هۆڵەندی و ئینگلیزی دابەش کرد .

## کۆمیتەی یادکردنەوەی هەڵەبجە ( هۆڵەند ) .

تیپی مۆسیقای بێلان

کۆمیتەی بەنەلۆکسی ی ن ك

هونەرمەند ڕێناس

ڕێکخراوی ئەمستردام پ د ك

فدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان – هۆڵەندی فید کۆم

یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان .

کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان

مەڵبەندی کولتوری کورد لە دەنهاخ

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد– چاك

بۆ بینینی وێنەکان سەیری ئێرە بکەن :

http://www.chak.info/kurdish/wena/Chak%20Album%2021/index.html